نوێنەری مامستایانی وانەبێژانی دوای ئەوەی لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا بە کەفالەت ئازاد کرا

ئەوارەی ئەمە یەکشەممە، مامستا عەلی رەئوف نوێنەری مامستایانی وانەبێژانی ناڕازی، دوای ئەوەی دوێنێ لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا بە کەفالەتی 10 ملیۆن دینار ئازاد کرا.

دوێنێ شەممە (18ـی تشرینی دووەمی 2023)، ئاسایشی هەولێر مامستا عەلی رەئوف، نوێنەری گشتی مامستایانی وانەبێژی دەستگیرکرد، ئەمەش بەهۆی ئەوەی مامستایانی وانەبێژ بۆنیازی ئینجامدانی خۆپیشاندان بوون لەبەردەم ئینجومەنی وەزیرانی هەرێم لە هەولێری پایتەخت.

بەپێی راگەیەندراوی نوێنەرانی مامستایانی وانەبێژ، ڕۆژی شەممە (18ـی تشرینی دووەمی 2023)، لە هەولێر ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان عەلی رەئوف نوێنەری مامستایانی وانەبێژ لە هەولێر دەستگیرکردووە، لە راگەیەنراوەکەدا جەخت کراوەتەوە کە دەبێت بەزووترین کات ئەو مامستایە ئازاد بکرێت و بەپێچەوانەوە مامستایانی وانەبێژ هەوەستیان دەبێت.